# مەرجەکانی مۆڵەتو بودجەی حیزب بەپێی دیموکراسیەکەی تاڵەبانی

## سەبارەت بە مامەڵەی یەکێتی لەگەڵ بەشی جیابووەوەی حیزبی زەحمەتکێشان

رێبوار ئەحمەد

"رەوتی نیشتمانی کوردستان" باڵێکە کە لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جیابوەتەوە، یەکێتی ئەم دوو شەق بونەی حیزبی هاوپەیمانو دۆستی دێرینەی خۆی بە هەل دەزانیو لە نێو پێشبرکێی هێزکۆکردنەوەدا خۆی بۆ خواردنی ئەم باڵەی حیزبی زەحمەتکێشان ئامادەکرد. بۆیە لەسەرەتاوە بە رێگای دبلۆماسیو نیشاندانی ئیمتیازات دەکەوێتە پیادەکردنی ئەم مەرامە، بەڵام پاش ئەوەی کە بەم شێوەیە بە مەرامی خۆی ناگات، ئینجا دەست دەبات بۆ کارتی فشارهێنان، لەم بوارەشدا دوو ئامرازی هەمیشەیی دەستی کە بریتین لە "بڕینی بودجەی مانگانەو نەدانی مۆڵەتی یاسایی بۆ کارکردن" دەخاتە کار.

حەمە ئاوات ئەندامی مەکتەبی سیاسی باڵی جابوەوە(رەوتی نیشتمانی کوردستان) لەم بارەیەوە لە ژمارە 225ی هاوڵاتی رۆژی چوارچەممەی 2005/5/25دا دەڵێ"پاش جیابونەوەمان لە زەحمەتکێشان هەموو مەرجەکانی دامەزراندنی حیزبمان هەبوو هەر لەو روانگەشەوەو لە چوارچێوەی قانونی ئەحزاب کە پەرلەمانی کوردستان سەلماندویەتی داوای مۆڵەتی یاساییمان کرد، کەچی نەك هەر مۆڵەتمان پێنەدرا، بەڵکو کاك ئەرسەلان بایز کە بەرپرسی لیژنەی دیالۆکی یەکێتی بوو لەتەك ئێمە، لە دانیشتنێکدا لە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی بە ئامادەبوونی کاك ئازاد جوندیانی زۆر راشکاوانە پێی راگەیاندین کە گەر نەبینە یەکێتی نە مامەڵەی سیاسیمان لەگەڵ ئەکەن، نە مۆڵەتی یاساییشمان دەدەنێ".

ئەمە تەنها نمونەیەکی ئەو "تەجروبە دیموکراسیە سەرکەوتوانە"یەیە کە شەوو رۆژ جلال تاڵەبانیو سەرانی یەکێتی دەهۆڵی بۆ دەکوتن، ئەمە ئەو "ئازادیە بێ سنور"ەیە کە لە هەموو موناسەبەیەکدا جەلال تاڵەبانیو سەرانی یەکێتی وەکو فەزلێکی گەورەی خۆیان دەرخواردی خەڵکی دەدەن. بەڵام هێشتا کوردستان وەکو 20 ساڵ لەمەوبەری لی نەهاتووە کە دیکتاتۆرەکان بتوانن خەڵك بهێینە سەماو گۆرانی بۆ ستایشی فروفیشاڵی ریسوا. جلال تاڵەبانی لە بەرامبەر خەلکی کوردستانو عیراقدا بەرپرسە لەوەی ئەم کردارانە لەگەڵ پروپاگەندەکانی خۆیو سەرانی حیزبەکەی بەراورد بکاتو وەڵام بداتەوە. خەڵك دەبی لەم بارەیەوە یەخەی بگرن. گوێ خەواندنو بێ دەنگی لە ئاست ئەم پرسیارانەو پیادەکردنی ئەم رەفتارانە لەگەڵ خەڵكو ئەحزابی سیاسیو سبەینیش دووپات کردنەوەی قەوانی "بەرقەرای دیموکراسیو ئازادی بێ سنور لە کوردستان" هیچ شەهامەتێکی تیانیە. لە هەمان کاتدا ئەمە شێوەو رەفتارێکی باوو قێزەونی رژێمی بەعسی "رەفتار فاشی" بوو. ئەمە نە بوختانەو نە جنێو، بەڵکو راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەمە لەم ناوچەیەدا  بە نەرێتێکی بەعس ناسراوە، کە مەرجی بون بە بەعسی دابنرێت بۆ ئەوەی مولەتی پێدانی مولەتی کارکردنی ئەحزاب، ئەمە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەکەی بغداد بیردەخاتەوە.

حەمە ئاوات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵی "لەمەر دوا بریاری یەکێتیش دەرهەق بە رەوتی نیشتمانی کوردستان هەفتەی رابردوو بەرەسمی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێی راگەیاندین کە دوابریاری مەکتەبی سیاسی ئەوەیە گەر ئێمە نەبینە یەکێتی ئەوا موچەکانمان دەبڕن ...راشکاوانە رایدەگەیەنێ کە گەر یەکێتی نەبیت نابێت نان بخۆیت، من هیچ ناڵێم، هێندە دەپرسم ئەمە لاساییو پەیرەوکردنی عەقلیەتی کام حیزبو دەسەڵاتو کام دیکتاتۆریەتە لە عێراقو کوردستاندا"؟

حەمە ئاوات وەڵامی سادەی پرسیارە سەختەکەی بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە! وەڵام ئەوەیە کە ئەمە لاساییو پەیرەوکردنی عەقڵیەتی حیزبو دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی بەعسە. بەڵام ئەوەی حەمە ئاوات بەم درەنگ وەختە بە شێوەی پرسیار دەیخاتەڕوو، زۆر دەمێکە لەبەرامبەر خەڵکی کوردستانو حیزبی ئێمەو چەندین لایەنی دیکەدا پەیڕەوکراوە. ئەوە زۆر کۆنە کە بە مەنتقی یەکێتی ئەگەر یەکێتی نەبیت نابێ نان بخۆی، بە درێژایی چەند ساڵی دەسەڵاتی ئەم حیزبانەو تا ئێستاش، ئەوەندەی توانایان بەسەردا شکابێتەوە، بەبێ تەزکیەی یەکێتیو پارتی، یان حیزبێکی هاوپەمانو گوێرایەڵی خۆیان، مۆلەتی کارو نان پەیداکردنیان بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتوەتەوە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەگەڵ حەمە ئاواتو هاورێکانی کراوە، هێشتا بە مەنتقی یەکێتی لە چوارچێوەی دبلۆماسیەتدا بە حساب دێت، هیشتا ئەگەر پیویستی کرد دکتاتۆریەت لە دواوەیە. تا ئێرە لاسایی کردنەوەی ئەو ئابلۆقە ئابوریەیە کە بەدرێژایی دەیان ساڵ لەسەر کوردستان دادەنرا. هەڵبەت ئەمەش تازە نیە لە نەرێتی یەکێتیو بزووتنەوەی کوردایەتیدا. لە دەورانی جەنگی ناوخۆدا لەسەر ناوچەکانی دەسەڵاتی یەکتر ئابلۆقەیان دانابوو. هەروەها پێش پیادەکردنی پیلانی 14 تموزی 2000ی یەکێتی لە دژی حیزبی ئێمە، کە لە فەزای دوای گفتوگۆو رێککەوتندا 5 هاورێی ئێمەیان لە کەمینێکدا گوللەباران کردو لاشەکانیان لە تاریکی شەودا خستە ژێرگڵەوە، پێشتر جگە لە برینی بودجەو هەرەشەی لێسەندنەوەی مۆڵەتی یاسایی، ئاوو کارەباو خەتی تەلەفونی ماڵو مقرەکانمانی ئێمەیان بڕی.

لە راستیدا هەر ئەمە هەم پەردە لەسەر ماهیەتی ئەو قەیدو بەندانەیان لادەبات کە ناویان ناوە "یاسا"و هەم روونی دەکاتەوە کە بۆچی هەندێك حیزب لە کوردستان مولەتی یاسایی کارکردنو بودجەو موچەو نەسریەی زۆروزەبەندیان هەیەو هەندێکی تر نیانە؟  بەڵام ئەمە لە هەمانکاتدا بەڵگەیەکی تری ئاشکرایە بۆ تاڵانچێتیو یاری کردن بە داهاتو گوزەرانی خەڵك. چونکە مەسەلەکە ئەوە نیە کە یەکێتیو تاڵەبانی لە گیرفانی خۆیان موچە بە حەمە ئاواتو هاورێکانی بدەن، تا مەرجی ئەوەیان بۆ دانێن کە بۆ وەرگرتنی ئەو موچانە دەبێ ببن بە یەکێتی، بەلکو ئەوان لە داهاتی کۆمەلگاو لەسەر حیسابی گوزەرانی خەڵكو گوایە بەپێی یاسا، بودجەو موچەو نەسریەو..هتد، خۆیان ئەو حیزبانە دەدەن کە مەرجی بوون بە یەکێتی یان لانیکەم گوێرایەڵی بۆ یەکێتییان بەسەردا فەرزدەکەن. واتە بە داهاتی خەڵك هێز بۆ یەکێتی

کۆدەکەنەوە. ئەمە نا یاسایی ترینو نا دیموکراسی ترین شێوازە، ئەمە پێشێلکردنی یاساو تالآنچێتیەکی ئاشکرایە، لە هەمانکاتدا ئەم یاسا شکێنییە سەرەکی ترین شێوەو رێگای ئەوانە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزەی کە لافی پێوە لێدەدەنو زۆرایەتیەکەی دەگێرنەوە بۆ راستیو دروستی رێبازی یەکێتی. ئەمەش هەر لە بابەتی ئەو لاساییو عەقلییەتانەیە کە حەمە ئاوات بە شێوەی پرسیار دەیخاتەڕوو. خەڵکی ئازادیخوازو هیچ لایەنێکی سیاسی نابێ هیچ خۆشباوەریەکیان لە ئاست ئەم سیاسەتو نەرێتو رەفتارانەدا هەبێت، ئەمانە لە هەمان بابەتی نەرێتەکانی بەعسنو دەبێ بە عەزمی بەهێزی خەڵکی ئازادیخواز ریشەکێش بکرێن.